سمکۆ محمد لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمۆی کوردستادا) … ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر

سمکۆ محمد : چەمکی یەکگرتوویی بۆ چەپەکان لەهەموو حاڵەتێکدا ئەرکێکی سیاسی ئەخلاقییە
گفتوگۆی ڕێگای کوردستان لەگەڵ سمکۆ محمد لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمۆی کوردستادا)
ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر

لەبارەی ئەم مەلەفەوە:

ێیشەی تێکۆشانی هێزە چەپ و مارکسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
لەناو ئەوم ژوەدا سەرەڕای وەستگەی جیاجیا بەڕام لاپەرەکانی تەژییە لەدەستکەوت بۆ هاوڕاتیان کەخێی لە دابینکردنی بەشێك لە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکان دەبینێتەوە و توانراوە جێگیر بکرێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەستوری عێراق لە قۆناغە جیاجیاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. هەندێك لەم دەسکەوتانە پەراوێز خراوە و لاواز کراوە، هەندێکی ماوە.
لەهەڵومەرجی ئەمڕۆماندا هەنگاوەکانی حکومەت وەك؛ ڕەنگدانەوەی سروشتی چارەکە سەدەیەکی ئەم حوکمڕانیەو ئەم تایپە لە دەسەڵات (فۆرمێکی ڕێژەهەڵاتی)لە ئابوری ڕەیعی بریتییە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێك بە قازانج و ویستی بانك و کارتێلە مشەخۆرەکانی ژێر چەتری (نیولیبرالیزمی سەرمایەداری)
ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەبەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری وهەژاری ولەدەستدانی بەشێك لەومافانەی بەدەستهاتبوون .
ئەوەی دەگوزەڕێت لە هەڵومەرجی ئابوری وسیاسی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ململانێی چینایەتی وتێکۆشانی جەماوەری هێناوەتە پێشەوە، کە ئەرکی جدیتری خستۆتە بەردەم هێزەکانی چەپ لە بەرامبەر شکستی بەرەی راستەوی دەسەڵات.

ماپەری ڕێگای کوردستان بۆ فۆکس خستنەسەر ئەو ئەرکانە و ڕێی هێزە چەپ ومارکسییەکان ئەم دۆسییە دەکاتەوە و لەوبارەیەوە دەپرسێت:.

(1) کام خوێندنەوە پێویستە بۆ دیاریکردنی ئەرك و ڕۆڵی چەپ و مارکسیەکان؛خوێندنەوەیەك کە ڕۆڵی چەپ لە پەراوێز خراوی دەریبهێنێ و بیکاتە لیدەر لە ئاراستە کردنی ووداوەکان ؟

(2) هەڵومەرجی ئەمڕۆ و شکستی حوکمڕانی بەرەی راستەوی ، چ بژاردە و پلاتفۆرمێکی مومکین دەخاتە بەردەم هێزەچەپ و مارکسییەکان ؟

(3) هێزەچەپ و مارکسییەکان کێن لەمڕدا ، دەتوانن لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کێبنەوەوبەربەستەکانی بەردەم کاری ئەوهێزانەچین ؟

(4) لەهەبژاردنەکانی داهاتوودا، پلاتفۆرمی چەپ چی بێت ؟ بەشدار بن یان نا ؟ تاچەند بەشداریکردن بە لیستێکی یەکگرتووی چەپ و بە دەستهێنانی نوێنەرایەتی ڕۆگا خۆش دەکا و ئاسانکاری دەبێت لە گۆڕینی واقیعی سیاسی و ئابوری ؟

سمکۆ محمد نوسەر و ڕۆژنامەوان ، لەمیانەی بەشداریکردنی لە (ملەفی چەپ لە ئەمڕۆی کوردستاندا) پێیوایە "چەپەکان دەبێ کەڵك لەئەزموونی ڕابردوو وەربگرن کە مادام دەسەڵاتەکان هێندە ناشارستانین کە تەنها چاویان ماتریال دەبینێ، لەحاڵێکدا ئەو ماتریالە بەشەرییە ئەگەر نەچێتە سەرشەقام، لەنێوخەیدا و لەدەروونی خەیدا هەمیشە لەسەر شەقامە، چونکە ناڕازییە لەشێوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەك کە تائێستا سیستمەکەی پێی پێناسە ناکرێ کەوابوو ئێستا کاتییەتی بلاتفۆرمی نوێ بۆ خۆشگوزەرانی پێشکەش بکەن. "
ئەو پێشی وایە : " ململانێی فکری لە سەدەی ڕابردوودا، یەکێك لەهۆکارەکانی پێشکەوتن بوو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ململانێی چینەکان تازە بەر لەکۆتایی سەدەی بیستەم ناوی سەرمایەداری بیستبوو،

هەبەت وەکو ناو نەك بینینی ژیانی سەرمایەداری، چونکە لەعێراق و ناوچەکەش، سیستمی دەرەبەگایەتی وەکو ئەورپای بەخۆیەوە نەبینیبوو کە ململانێکە بەبەشداری خەڵکیش بوو،، هەبەت لە ساڵی 1958 تاکو 1962 خەباتی جوتیاری هەبوو کە حیزبی شیوعی ڕابەرایەتی دەکرد لە پشدەر و دەشتی هەولێر، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەی کوردستانی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە سیستمی دەرەبەگایەتی بینیوە، چونکە سیستم ئەوەبوو کە لە ئەوروپا بوو نەك ئەوەی ڕۆژهەڵات . "
سمکۆ محەمەد لە بارەی زەروورەتی پلاتفۆرمی چەپ لەمڕدا خوێندنەوەی

وایە :" هەر کەس لەبەردەم ئەم پرسیارە راوەستێت و ئەزموونێکی هەبێت لەنێو بزووتنەوەی چەپ، بێ ئەو وێنە حازر بەدەستە کە پلاتفۆرمی چەپەکان لەهەر هەلومەرجێکدا ئامادەیە کە ئایا ریفۆرم بخوازن یان بیانهەوێ ببن بە ئەلتەناتیف، لەهەر دوو حاڵەتەکەدا چەپەکان بیانوویان بەدەستەوەیە نوێنەرایەتی خەڵکی بەشمەینەت و زەحمەتکێش بکەن، چونکە ئەوان نابێت سیاسەت بکەن لەپێناو سیاسەت، یان لە پێناو گۆڕینی هاوکێشەی بەلای خۆیانەوە وەکو حیزب، بەڵکو ئەرکیان ئەوەیە کە هاوکێشە بەلای بەرژەوەندییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بگۆڕن، چەمکی یەکگرتوویی بێ چەپەکان ئەگەرچی دروشمێکی سوننەتیی و کلاسیکیە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەرکێکی سیاسی ئەخلاقییە دەبێ کۆمەڵگە یەك بخەن لەپێناو داوا رەواکانی ژیان کە سیستمی نادادپەروەری ڕەگریيەتی، دەبێ ئەو هۆشیارییە فڕی خەڵك بکەن کە ژیانێکی شایستەتر هەیە کە گروپێکی کەم لەخەڵك بۆخۆیان فەراهەم کردووە و ئەوانی دیکە کە زۆرینەن لە ژیانێکی سەخت و مەترسی زیاتر دەژین، کەوابوو هەموو هەلومەرجێك بێ چەپەکان لەبارە بتوانن گەمەی خۆیان بکەن و بیقۆزنەوە بە بەرژەوەندی گشتی، دەبێ ئەوە بزانین کە گۆڕینی واقیع تەنها بە فکر و بە سیاسەت ناکرێت، ئەگەر ئیرادەی گشتی لەگەڵ نەبێت "

دەقی وتووێژەکە :

*** کام خوێندنەوە پێویستە بێ دیاریکردنی ئەرك و ڕۆڵی چەپ ومارکسیەکان؛خوێندنەوەیەك کە ڕۆڵی چەپ لە پەراوێز خراوی دەریبهێنێ وبیکاتە لیدەر لە ئاراستە کردنی ووداوەکان ؟**

سمکۆ محەمەد: بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە, پێم باشە لەسەر رابردوو و ئێستای هەسوکەوت و سەرهەدانی بزووتنەوەی چەپ لە عێراق و کوردستان قسە بکەم کە دەورانێك ناوی ناەزایەتی بهاتبا، ناوی چەپ و حیزبە کۆمۆنیستەکان دەهات, هەر لەوشەوە تۆوانینی دەسەڵات و حیزبی کوردی سەبارەت بە بزووتنەوەی ناەزایەتی لە کوردستان, بەشێك لەتۆوانینی خۆم نیشان بدەم, ئەوەی لەپەیوەند بەرابردووی بزووتنەوەی چەپە کە پێشتر سەرمەشقی بزووتنەوەی ناەزایەتی نێو کارخانە و جەماوەری و سەرشەقام و نێو زانکۆکان بوو، تاڕادەیەکیش بزووتنەوەی جەماوەری کە ئێستا بۆتە ستایل، هێند بە ئیدیۆلۆژیای چەقبەستوویی کرا و نەیتوانی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی سیاسەت ڕەگەبڕێت، تاکو ئەو ڕادەیەی کە هەر ناەزایەتیەکی راستەقینەش هەبوایە و دووڕو نزیك پەیوەندی بەچەپەوە نەبوایە، مۆرکی حیزبی بوونی بەسەردا دەسەپێنرا وەکو

دەن حیزب، دەنا شتێك نییە ناوی حیزبی کوردی بێت بە حیزبە چەپەکانیشەوە، چونکە حیزب بەر لەهەر شتێك رزگارکردنی تاکە نەك ملکەچ کردنی تاك بێ گروپە خاوەن شوناسە بچووکەکانی وەکو بنەماڵە و عەشیرەت و هتد کە لەناو حیزبە بەناو چەپەکان ئەم مانایە زیاترە، بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی میکانیزمەکە کلاسیکی و هەڵەیە، بێیە ئەو چەپانە ناتوانن کەڵك لەفەزای گشتی و ئەو بۆشاییە وەربگرن کە لەکوردستان هەوڵی بێ دەدرا، لەحاڵێکدا ئەو بۆشاییە سیاسییەی پێشتر لەکوردستان هەبوو لەهەموو رووبەکەوە، لەهیچ کونجێکی ئەم سەر زەمینە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لانیکەم ئیرادەیەك هەبوو بێ پشتگیری کردنی ئەلتەرناتیڤی چەپ بێ دەسەڵات، پشتگیری مەبەستم پێشوازیکردنی خەڵك بوو نەك پێشوازیکردن لەوەرگرتنی دەسەڵات کە دووجار زەمینەی لەبار بوو، یەکەم دەوڵەت روخابوو و دووهەم بۆشایی سیاسی دروست ببوو کە ئێستاش هەمان بۆشایی هەست پێدەکرێت لە نەبوونی دەستووری عێراقی و کوردستان و دەسەڵاتی حکومەتی، بەڵام بەلەبەر چاوگرتنی ئەو هێرشەی کە دەکرا و ئێستاش دەکرێتە سەر چەپەکان و کارکردنی ئەحزابی بەرژوازی ناسیونالیستی و ئیسلامی و هتد، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو فەزا سیاسییەی کە ئابووری وڵاتەکەی داتەپاند و ئینسانی کردووە بەکائینێکی بەکاربەر و بێ کار، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هێرشە گشتگیرەی لەهەموو دونیا دەکرایە سەر بزووتنەوەی چەپ و شکستی سۆڤیەت و هەڵە تێگەیشتنی بزووتنەوەی کرێکاری لەلایەن ئەحزابی بەناو کۆمۆنیستییەوە، شکست بەو تێوانینە هات، ئیدی ئەو لێژیکەی کە چەپەکان هەیانبوو، جیگەی نەدەبۆوە لەناو جەماوەری کوردستانی، هەروەها نەهێشتنی کارخانەکان و دوورخستنەوەیان لەکار و ناوەندی کارکردن، سەرباری هەموو ئەمانەش غیابی بزووتنەوەی چەپ لەپێگەی هەبژاردن و بەشداریکردن لەهاوکێشەی سیاسی، هەروەها غیابی لەناو دونیای راگەیاندن و رۆژنامەگەری کە ئێرگانەکانی بەهەمان ستایلی سیاسی حیزبە بەرژوازیەکان کاری دەکرد و نەفەسێکی بێ ئازادی بیروڕا نەهێشتبۆوە کە دەبوو راگەیاندن پانتاییەکی بەهێزی بزووتنەوەی چەپ بوایە، بێیە گورزێکی کوشندە لەو بزووتنەوە چالاکەدا درا کە دەکرا بەهێزترین بنکەی جەماوەری پەیدابکات، بێیە بزووتنەوەکانی دیکەی وەکو ناسیونالیستی و لیبڕالی و ئیسلامی، جێپێیان بەچەپەکان لە قکرد و شکستیان پێهێنا و ئێستاش مەترسییە بێ سەر ژیانی سیاسی کوردستان، تائەو جێگەیەی کە جارێکی دیکە ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوامی هەبێت، رەنگە نەتوانێ شوێن پێی خۆی قایم بکاتەوە و بگەڕێتەوە نێو جەماوەر و بەناچار خۆی تەسلیمی قەدەری سیاسی بکات و ببێت بە پاشکۆی رەوتی دیکەی بێ ناونیشان.

سەبارەت بەوەش کە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی بۆچی لەدوای دوو دەیە حوکمڕانیکردنی ئەم ناوچەیە، پەنا دەبەنە بەر ڕۆشنبیرانی یاسایی، کاردانەوەیەکی ناچارییە، چونکە ئەو حکومەت و دەسەڵاتەی کە ئێستا هەردوو حیزبە سەرەکییەکە لەکوردستاندا قەڵەمڕەوی دەکەن, نەیانتوانیوە لەو قەوارە کلاسیکییەدا خۆیان ڕزگار بکەن و کەمێک لەگەڵ ڕەوتی بەناو دیموکراسی جیهان ڕێگەبگرن, بەو مانایەی نەیانتوانیوە ئۆرگانی و دەزگاکانی حوکمڕانی سیستماتیک بکەن, نەیانتوانیوە تەنانەت خۆشیان قەناعەت بەو یاسایە بهێنێت کە کاری پێدەکەن, نەیانتوانیوە کار بۆ دیموکراسی بکەن کە شانازی پێوە دەکەن ناونیشانی ئەو چەمکەیان هەڵگرتووە, بەپێچەوانەوە زۆر لێی دەترسن, وەختێک ئەم قەناعەتەی بۆ دروست نەبووە, ناشتوانێ پیاوانی پۆلیس و دەزگا ناوخۆییەکانی بەفەرمکی تەواو یاسایی باربهێنن, چونکە هەم دەوڵەتی یاسایی نییە، هەم ترادیسۆنی کۆمەڵایەتی بەسەردا زاڵە، هەم لەرووی سایکۆلۆژیاوە کە تاکەکانی هەیانە، هەمان سایکۆلۆژیای هەڵچوونی کەسی ئاساییە و دوورە لەکەسی سیاسی، ئەمانە هەمویان ڕەنگدانەیان هەبوو بەسەر دۆخەکەدا، هەرلەوەی کە دەبینین پۆلیس ئەوەندەی پابەندی عورفە کۆمەڵایەتی و ترادیسیۆنی کلاسیکی حیزبیە و لەو بزووتنەوە چەپە دەترسن, ئەوەندە پابەندی یاسایەک نیین کە ئۆرگانەکەی لەسەر بونیادنراوە, بۆیە ناتوانن نەخۆیان و نەک خەڵک لەسەر یاسا بنچینەییەکان ڕابهێنن, هەرچی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپیشە کە پێشتر لەژێر فشاری سیاسی دەرەکی و ناوەکی بنکە جەماوەرییەکانی لەدەستدا و دوورکەوتنەوە لەخەڵک و چین و توێژە چالاکەکان, لەبری ئەوەی تواناکانیان هەڵگرن بۆ هەلومەرجێکی لەبارتر, ئاسۆی نۆنەتەوەییان لەبیرکرد و وەک هەر کایەکی تر لەبازاڕی سیاسەتدا هەڵاجیانکرد, یان نوێگەریان کرد بە لەئەلتەرناتیڤێک کە خودی سیستمی فەرمانڕەوای جیهانی ڕەواجی پێدەدەن, ئەم ئەلتەرناتیڤە هەروەک (خالید قشتینی) کە ڕۆشنبیرێکی بەرەگەز عەرەبە و یەکێکە لەچەپەکان بە نموونەیەک دەیشوبهێنێ و دەڵێ" ئەم سیستمە ئازادی بەشێوەیەک پێناسەکرد کە لەشفرۆشی ئافرەتی لەبەرامبەر ماف و تازەترین مۆدێلی وەرزیداراگرتووە, سیاسیەکانیش نوێگەریان لەنوێترین مۆدێلی سەیارە و گەندەیەکانی تردا دەزیەوە". ئەمە بەشێکی بچووک بوو لەو فاکتەرانەی کە پاشەکشەی بەبزووتنەوەی ناسەزایی کوردستان کرد، چونکە هەموو شتێک لەیەک سیاقدا نوسرایەوە و کرا بەمۆدێلێک وەکو هەر مۆدێلێکی دیکەی کاپا کەکۆمپانیاکان بەرهەمیدێنن و دواتر بەبەرهەمێکی دیکە بازاڕی سووک دەکەن، سیاسەت و ناسەزایەتی و شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوە لەکوردستان ئەو ئاراستەیەی وەرگرتووە، ڕۆژانە گوێت

لەوە دەبێت کە پێت دەڵێن چۆن لەگەڵ گۆڕینی میتۆدی بیرکردنەوەی مۆدێلی جهان نەگۆڕاویت، چۆن لەسەر هەمان فکر ماویت کە باوی نەماوە، ئەمە بەشێکی گاڵتەجارییە و بەشەکەی دیکەی فشارخستنە سەر سایکۆلۆژیای تاکی چالاکە، بەمەبەستی هەڵچوونی دەرەونی و روخان و هەڵزی گەورەی کۆنەپەرستانەی لەپشتەوەیە، بۆیە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و سیستمی دەسەڵاتدارێتی لەکوردستان یەک فۆرمیان وەرگرتووە و بەپێی مۆدێل کار بەسیاسەت دەکەن، وەختێک ئینسان ئەم حاڵەتە نەشازە دەبینێ بەردەوام، ئیدی بۆئومێد دەبێت و ناتوانێ بەو هاتنە سەر شەقامە سیناریۆ بۆ داڕژراوە بڕێت گەشەی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری سیاسی و رقی جەماوەری و هتد..

من تەواو دژی ئەو ڕەوتە چەپخواز و نەریتخوازە مارکسییەم وەکو ڕەوتێکی کۆنخواز و شوناسخوازی کلاسیکی و ڕۆمانسیانە بۆ چینی کرێکار و جەماوەری ناهۆشیار قسە دەکەن وەکو بابەتێکی ڕۆمانسی، چونکە ئەو سیستمەی ئێستا رابەرایەتی ئابوری و فەرهەنگی و مۆدێلی ژیان دەکات، بەو چەپە شوناسخوازە ململانێی لەتەکدا ناکرێت، بگرە ئەو شوناسە هیچ مانا و بەهایەکی سیاسی نەماوە بە بیانووی ئەوەی سیستمی سەرمایەداری دەوخۆنن، خەباتی چەپ خەباتی شۆشگێرانە نییە بۆ سەعات کار و مافی کرێکار و یەکسانی و مەسەلەی ژن و هتد، ئەمە کەڵکی لێوەرگیرا و بووبەنەریتی سیستمی سیاسی لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، ئێستا سەرمایەداری قەیرانی نوێی بەرهەمهێناوە کە بریتیین لە مەسەلەی جەنگ و ئاوارەبوون و کۆچ و ماددەی هۆشبەر و سەرقاڵکردنی خەڵک بە مەسەلەی خەباتی پارلەمانی و هتد، چەپەکان لەسەریانە ئەو هەژموونە سڕ بکەن و کاریگەرییان هەبێت خەڵک مل بەو جۆرە سیاسەتە نەدات، ئەگەر زۆدەڕۆیی نەبێت کرێکار ئێستا بەشێکە لەو نیرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە سەرمایەداری لەرێگەی کۆمپانیاکانییەوە پشتی پێدەبەستێت و ئەو شوناسەی کۆنی نەماوە، تەنانەت بۆکاریشی نەکردووە بە کۆشەی سیاسی و لەگەڵ خاوەن کاری کۆمپانیاکان گرێداوە و هەندێکجار بووە بە هۆی لەناوبردن و ناشیرین کردنی ئازادی و ماف و دیموکراسیش، چونکە کرێکار چ وەک تاک و چ وەکو گروپی هێزی کار ئەو تموحەی جارانی نەماوە چەرخی کارخانە بووەستێنێت و سیستم لێی بترسێت، ئێستا ڕەوتێکی دیکە پەیدا بووە بەناوی چەپەوە کە ئەوەش بەبۆای من موزەیەفە و پارادۆکسێکی نەشازە، چونکە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتداران لەسەر بنچینەی دەسەڵات گرتنەدەست دەکات کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی دەیوخێنێت یان دەبێتە کۆمبارسی سیناریۆی فلمێکی سیاسی کە ئامانجەکەی بۆ کرێکاران هیچ دیار نییە، هەبەت بە

پاپشتی چینی کرکار ئەم سیناریۆیە بەووە دەچێت و بە زمانێکی رۆمانسییانە گوتاری خۆیان پێشکەش دەکەن و کاریگەریشی هەیە، بۆیە من دژی ئەو رەوتەشم، بەڵام ئەلتەرناتیڤی من ئەوەیە کە بگەڕێینەوە شوناسی کرکار وەربگرینەوە، ئەویش لە رێگای کاری دەستی و هێزی کار و یەکسانی بوون لە رەوتی ژیان و خۆشگوزەرانی و گەڵانەوەی چەمکی ئەخلاق کە تەکنەلۆژیا نەیهێشتووە دوورخستنەوەی کێشەی کولتووری زاڵ و خۆسەپێن بەسەر ئەوانی تر بەناوی رەسەنایەتییەوە و هتد، هەموو ئەمانەی باسی دەکەم دەکرێت وەکو ئەلتەرناتیڤی نوێ لەبەرچاو بگیرێت و کاری پێبکرێت.

بەهەر حاڵ بۆئەوەی لە باسەکە زۆر دوور نەکەومەوە دەبێ باسی ئەوە بکەم کە خوێندنەوە و ململانێی فکری لە سەدەی رابردووەدا، یەکێک لەهۆکارەکانی پێشکەوتن بوو لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، ململانێی چینەکان تازە بەر لەکۆتایی سەدەی بیستەم ناوی سەرمایەداری بیستبوو، هەبەت وەکو ناو نەك بینینی ژیانی سەرمایەداری، چونکە لەعێراق و ناوچەکەش، سیستمی دەرەبەگایەتی وەکو ئەورپای بەخۆیەوە نەبینیبوو کە ململانێکە بەبەشداری خەڵکیش بوو،، هەبەت لە ساڵی 1958 تاکو 1962 خەباتی جوتیاری هەبوو کە حیزبی شیوعی رابەرایەتی دەکرد لە پشدەر و دەشتی هەولێر، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەی کوردستانی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە سیستمی دەرەبەگایەتی بینیوە، چونکە سیستم ئەوەبوو کە لە ئەوروپا بوو نەك ئەوەی رۆژهەڵات، ئیدی نەك تەنها سیاسیەکان، ئەوەتا فەیلەسوف و رۆشنبیر و کۆمەناسەکانیش باسی دەکەن کە ململانێکە زۆر توند بووە تاکو سەرمایەداری سەردەکەوێت، کەوابوو لەلای ئێمە تەنها ناوی سیستمی دەرەبەگایەتی بیسترابوو، بەڵام وەکو رۆشنبیری خۆرا ئەو فکرانەی بەرهەمهاتبوون گەیشتن، بەڵام دیسان ئەمەش کێشەی تێدابوو، بۆ نموونە ئەو چەمکانەی کە هاتبوونە نێو ئەدەبیات و رۆشنبیری کوردی و تەنانەت عەرەبیشەوە، بەهەڵەوەرگیرابوون لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کەکیان لەو ماتریالە بەشەرییە وەرگرت، بەپێچەوانەشەوە رۆشنبیران کەکیان لەو رەوتە سیاسیە وەرگرت، پێداویستی ئەو شەپڵە بۆ فراوانکردنی ناەزایەتی بەرامبەر بەسیستم، بەتایبەتی دیکتاتۆریەت لەهەوڵی نەهێشتنی نەتەوە و مانەوەی نەتەوە بوو لەدۆخی نیگەتیڤی کۆمەڵایەتی و دواکەوتن لەبری پێشکەوتن و هتد، باشترین نموونە بۆ خراپ تێگەیشتن لە چەمکەی سیاسیەکان کە لەم دواییەدا هەستم پێکرد، بەکارهێنانی چەمکی ناسیونالیزم لەجیاتی راسیزم کە لە لەدوای 2010 لە ئەروپا سەریهەڵدا، ئەم هەڵەیە بەدەیان جار لە نوسینی بەناو رۆشنبیرە

کوردەکانم بینییوە.

• هەڵومەرجی ئەمڕۆ و شکستی حوکمڕانی بەرەی راستەوی ، چ بژاردەو پلاتفۆرمێکی مومکین دەخاتە بەردەم هێزەچەپ ومارکسییەکان؟

سمکۆ محەمەد: من بۆ ئەم پرسیارە بە دوو خاڵ وەڵام دەدەمەوە، خاڵی یەکەم لەبەرئەوەی کوردستان کارگەی تێدانییە بەرهەمی هەبێت و کرێکارەکانیشی هێندە هۆشیاری چینایەتیان نییە کە بەرگری لەخۆیان خزمەتی کاری خۆیان بکەن لەو کارگانەی کە گشتی بوون و فرۆشران بەکەرتی تایبەت، ئەمە جۆرێك لەقەیرانی دروستکرد و خەکیش لەقەیرانی دارایی تێناگەن تاکو بیکەن بەناەزایەتی و بچنە سەر شەقام.

خاڵی دووەم ئەوەیە بەلەربەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و پێکهاتە جیاوازەکان، لەکوردستان و ململانێی حکومەتی هەرێم لەگەڵ عێراقی هەوەشاوە و وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێران کە دەستیان هەبووە لە تێکدانی دۆخەکە، بۆیە بەو شێوەیەی سەدەکانی رابردوو کێشەی نەتەوە و ئاین و کولتوور لەکوردستان نەهێشتووە و کەمینە بەو ئەندازەیە ستەمی لەسەر نەماوە تاکو ڕگەی سەر شەقام بگرنە بەر، تەنها ئەوەنەبێ کە دەسەڵاتی سیاسی بۆخێی باڵانسکی بێ دروستکردووە و هەر کاتێك بیهەوێ کەکی لێوەردەگرێ، بۆیە ناەزایەتی جەماوەری ترسکی دیکەی دروستکردووە کە تەنها فۆرمکە لەناوەکدا قینی سیاسی لەپشتەوەیە، لەپاشان کوردستان خاوەن قەوارەی دەوڵەت نییە تاکو بتوانێ سنوورەکان بگرێت و کۆنتڕۆڵی بکات و دەستی دەرەکی نەتوانێ چالاکی تێدابکەن، بۆیە ترسەکەی تاادەیەك شەرعیەتی هەیە کە هەندجار ئەمە دەکرێتە بیانوو تاکو ترس لە پلاتفۆرمی سیاسی هەبێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەو هێزانەش کە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە هاتوونەتە سەر شەقام، ڕەنگە بەم بیانووە ستەمیان لەسەر بێت کە مەترسییان ئەوان ترسی زیاترە چونکە پشتیان بە گوتاری فەندەمینتالیزمی عەرەبی بەستووە، بەڵام لەشوێنکدا ناهەقن، ئەویش ئەوەیە کە ئەلتەرناتیفەکە لەهەناوی خەکەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەسەن خەك وەکو چەمکە سەربەخۆکەی بوونی نییە، بەڵام لەبری ئەمە خەکی جۆراوجۆرمان هەیە، مەبەستم لەوەیە کە خەکی حیزبی و ئیدۆلۆژی و مەزهەبگەرایی و ئینتیمای سیاسیین، بۆیە هەندجار ئەلتەرناتیفەکە مەترسیدارترە لەوەی دەسەڵات هەیەتی، بۆ نموونە ئەلتەرناتیفی ئیسلامی توندەو کە زۆرینەی کۆمەگە پێکدەهێنن، هەرگیز بەراورد ناکرێ لەگەڵ سیستەمی دەسەڵات کە دیموکراسیش نییە، هەرکاتێکیش دەسەڵات لە عێراق و لە کوردستان

گەرەکی بێت دەتوانن لەرێگەی دەوەتانی دراوسێ و زلهێزەکانی دونیاوە، کۆنتڕۆڵی بکەن و یاساش بیکەنە سەنگی محەك و شەرعیەتیش وەرگرێ، ئەوەی کە لەپێشدا باسم کرد کە لەرێژئاوا هەبوو و تاکو ئەمدواییەش بەردەوامی هەبوو، وەکو مۆدێلێك رووبکردە رێژهەڵات و بوو بەجێگای قەبوڵکردن، چونکە پێژەیەکی سیاسی نەخشە بۆداڕێژراوی دەیان ساڵەی لەپشتەوەبوو بێ گۆڕینی نەخشەی سیاسی و جوگرافی و ئابوری لەناوچەکە، هاتنی هێزی ئیسلامی بێ هەر یەك لەو دەوەتانەی کە دەسەڵاتەکەیان لەرێگەی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە روخێنران، زەمینەی خۆی هەبوو بۆیە لەرووی دەرەکییەوە کرا بەئەلتەرناتیڤ، ئەم داتایە لەبەردەستی هەموو کەسێکدایە، چونکە کەرەستەکانی گەیاندنی وەکو ئینتەرنێت و شاشەی تەلەفزیۆن و مۆبایل و هتد، هەموو کەسێك دەتوانێ بەهرەمەندبێت لێی و هۆشیاری و رۆشنبیری وەربگرێت، ئەوەی کە لەکوردستانیش خەریکە دەکرێت بەمۆدێل، رەنگە بەرمەبنای ئەوەبێت کە خەریکی چاکسازین لەژێر فشاری دەرەکی و ئەو فەزا سیاسیەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە و رووداوەکیانی دیکەش هەلومەرجەکەی قوڵترکردەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە پلاتفۆرمەوە هەیە بۆ چەپەکان، مەسەلەی پشتگوێ خستنی کێشەی نەتەوە ومەزهەبە بەوویەکدا کە بابەتی چەپ زیندووەکاتەوە، چونکە ئەمە لێرە لەگەڵ کێشەیەکدا دەرگکیرین کە قەوارەیەك و ئینتیمای سیاسی لە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد زیاترە، بۆ رێپێوانی جەماوەری لە پێناو خۆشگوزەرانی لەلایەن چەپەکانەوە وەکو پلاتفۆرمێك باشترە لەمەسەلەی نەتەوە کە لەریشەوە هەڵناکەنرێت, رەنگە لەمبارەیەوە تەمەت بەخشینەوەی تابوری پێنجەم و دەستی دەرەکی و دوژمنی ئەزموون و هتد بوو بۆ هەڵسوراوانی بزووتنەوەی چەپ ئامادە کرابێت, بەڵام ئەمە نابێت ببێتە بەربەست لەبەردەم بزووتنەوەی چەپ ئەگەر بەراست کارەکە دەکەن.

ئەم هەلومەرجە ئێستا رەخساوەی کە پێشووتر حیزبی کوردی کەڵکی لێوەرنەدەگرت, قەناعەتی تەواوی بۆ دەسەڵات دروست کردبوو کە کۆتایی مێژووی کوردە, وەختێك کە ئەگەر ئارەزووی هەبووبێت و زانیبێتی بەمەنفەعەتی خۆی دەسوڕێ, لەبەرامبەر تێکچوونی لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا کە دواتر دەرکەوت ئێران مەترسیدارترە, هێزی شیعەگەرایی کە زۆرترین خەڵکی عێراقن و دەستووریان بەدەستەوەیە و کورد بەهز هاتە پێش, لەچوارچێوەی سیستمی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕینیش جێگەی هیچ شتێکی دی نابێتەوە, ئەم وەهمە لەلای کەسانێکی بەناو رۆشنبیر و سیاسیش واقیعیەتی وەرگرتووە, بەم پێودانگەبێت پاڵادکسی دەسەڵات و

حکومەتی کوردی لەشوێنکدا باشتر دەبینرێ کە کەڵك لەو مژووە وەرناگرێت, وەختێك کە چاك دەزانێ ئەو فڕمە سیاسیەی کە ناوی لێنراوە سیاسەتی عەلەنی و مۆدێرن و ئاشتی خوازی، هەنگاوێکی دیکەی هەڵگرتووە و لەژێر عینوانی یاسادا تابۆی لەسەر لاچووە و چەپیش جێگەی نابێتەوە بۆیە ئەلتەرناتیفی نییە. کەوابوو چەپەکان دەبێ کەڵك لەئەزموونی رابردوو وەربگرن کە مادام دەسەڵاتەکان هێندە ناشارستانین کە تەنها چاویان ماتریال دەبینێ، لەحاڵێکدا ئەو ماتریالە بەشەرییە ئەگەر نەچێتە سەرشەقام، لەنێوخۆیدا و لەدەرونی خۆیدا هەمیشە لەسەر شەقامە، چونکە ناڕازییە لەشێوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەك کە تائێستا سیستمەکەی پێی پێناسە ناکرێ کەوابوو ئێستا کاتییەتی بلاتفۆرمی نوێ بۆ خۆشگوزەرانی پێشکەش بکەن.

• هێزەچەپ ومارکسییەکان کێن لەمردا ، دەتوانن لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کێبنەوەو بەربەستەکانی بەردەم کاری ئەوهێزانە چین ؟

سمکۆ محەمەد: بائەوە لەبیر نەکەین کە لەبەردەممانداا مژوویەك هەیە پڕمان دەڵێت" لەهەر سەردەمێك و قۆناغێکدا، سیستمە دەسەڵاتدارەکان شێوەیەك مامەڵەیان کردوە لەتەك ئینساندا و دواتریش لەگەڵ چەپەکاندا" کەڵك وەرگرتن لەم نەسیحەتە فکریە لەوێدایە کە قۆناغەکانی کۆمەڵگەی بەشەری راستیەکی هاشا هەڵنەگرە. هاتنی سیستمی سەرمایەداری و ئێستاش سیستمێکی نوێی پێست سەرمایەداری بەردەوامی بەم شێوە سیاسەتە دەدات.
ئەمەش کارێکی کردووە کە ئینسان ناڕازی بێت لەو دەسەڵاتە تۆتالیتارانە و ناچاربێت چەپانە هەڵسوکەوت بکات. ئەوەی کە من جەختی لەسەردەکەمەوە ئەوە نیە کە عاشقی ئەو فکرە بم، چونکە فکر عیشقی لەگەڵ ناکرێ تێگەیشتنی هەڵەش قەبوڵ ناکات، یان ئەوەی تەنها بیسەلمێنم کەسێکی چەپ و ئۆپۆزسیۆنیم، یان ئەوەی بیسەلمێنم کە دژی دەسەڵاتم و هیچی تر، یان کۆمەڵك کەس هەبن لەکوردستان مودمن بن بەفکری مارکسی، بۆیە دەروشانە باس لەچەپگەرایی دەکەن، یان ئەوەی کەسێکی خو دەرخەربم و خۆم وەکو ئەستێرەیەکی میدیایی بنوێنم، یان ئەوەی تەنها بۆ خۆ جیاکردنەوە لەکەسانی تر بانگەوازی ئەو فکرە بکەم، زۆر بەپێچەوانەوە بەکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە جەوهەری بیری چەپ و چەپگەرایی و مارکسیزم، بەرلەوەی هەر شتێك بێت مەسەلەی هیومانیزمە، واتە مرۆدستییە، مەسەلەی پەراوێزخستنی شکستەکانی ئەو سیستمەیە کە تاکو بیناقای ناعەدالەتیە، تائەو رادەیەی کە

خودی ئەو دروشمانەی هەیدەدات بەوای پێ نییە، هەر لەمافی مرۆڤەوە بگرە، تادەگاتە دیموکراسی و بازاڕی ئازاد کە لەدوای شکستی سۆڤیەتەوە هاتە ئاراوە، مەسەلەی ژنان کە من بەمەسەلەی کۆمەڵگەی دەزانم و تەواوی ئەو جیاوازییە چینایەتیانەی کە بەچاو دەبینرێت و هەستی پێدەکرێ، مارکس کە دامەزرێنەری ئەم فکرەیە، هات و رەخنەی لەو دیالیکتیکە گرت کە هیگڵ ئیدیعای بێ دەکرد و گوتی "ئەمە کارمان ئەوەیە دیالیکتیك بیخەینە سەر پێی خۆی کە ئەمە کاری فەلسەفەیە و پێشتر فەلسەفە ئەم وەزیفەیەی وەرنەگرتبوو. بۆیە ئەمە ئەوەمان زیاد کرد کە فەلسەفە کاری گۆڕینی واقیعە. نەك ڕەسم کردنی کارەکانی ڕابردوو".
ئەمەی ئێستا بووەتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین هێزی ئۆپۆزسیۆنی لە عێراق و کوردستان، ڕەنگە دەستبردن بۆ خوێقاندنی کەشوهەوایەك کە بزووتنەوەی چەپ و موناقەشە لەسەر بزووتنەوەکانی تر بکرێت بۆ هەڵخراندنی خەڵك لەدژی دەسەڵات و ستەمکاری، بیرکە نییە بەکو کەڵك وەرگرتنە لە هەلومەرجی سیاسی ناجێگیر، کۆتایی هێنان بەناعەدالەتی و کێشەی میللی و جیاوازی چینایەتی، هەر بیانوویەکی تر مانای سیاسەتە و مانایەکی تری نییە بۆ خۆشبەختی ئینسان. بەڵام ئەوەی کە بڕین ئیدیاڵیژیاش لەم سەرو بەندەدا خراپ کەکی لەفەلسەفە وەرگرتووە و کردویەتی بەجۆرێك لەئاین و بەتایبەتیش ئەو حیزبە کۆمۆنیستیانەی کە کلاسیکیانە مامەڵەیان لەتەك فکری مارکس و چەپگەراییدا کرد.

ڕاستییەکی تێدایە، ئەوەش ئەوەیە کە حیزب و ڕەوتە شیوعیە تەقلیدیەکان وەك فەلسەفە وەریان نەگرت و وەکو هەلومەرجیش وەریان نەگرت بگرە وەکو هەر حیزبێکی سیاسی کلاسیکی سەرمایەداری وەریان گرت، چونکە وەکو بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی وەریان نەگرت کە دەبێ مەچەکی کرێکار سەنگی محەکی ئەو سیاسەتە بێت، بەهەر حاڵ دژواری ئەو ئیشکالیەتانە بوونەوە کە نەیانتوانی هەلومەرجەکان بگۆڕن بۆ بارێکی تر، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوە چەپەکانن تاوانینی جیاواز دەبینن بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و کۆتایی هێنان بەجۆرەکانی ستەم و هێنانە کایەی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو ئینسان بەیەکسانی، چونکە من پێموایە گۆڕینی ئەم دونیایە ئاسان نییە هەموو کولتور و زمان و جوگرافیا بەشێوەکی یەکجارەکی بگۆڕێ، بەڵام خۆ لانیکەم دەتوانین لەڕگەی هێزی جەماوەری و بەرابەری چەپەکان، ژیانێکی لەبار بۆ گشت ئینسان دەستەبەر بکەین، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ وەڵام بەو یۆتۆپیایە بدەینەوە کە سەرمایەداری و پایەکانی گومانیان لەلای خەڵك دروستکردووە، یان هیچ نەبێ ئەو

ئەلتەرناتیڤە بیسەلمێنێ کە ئەو سیستمە مرۆڤدۆستانەیە، بۆیە جەختکردنەوە لەسیاسەتێك کە مافی چەپەکان سەرکەوتنی تیا بەدەست بهێنن ئەو بیانوانەیە کەهەنامنەوە.

ماوەیەکە قسە زۆر لەسەر ئۆپۆزسیۆن دەکرێ لەبەرامبەر دەسەڵاتدارێتی کوردستاندا، بەڵام جیاوازی ئەو ئۆپۆزسیۆنە چەپەی کە من باسی دەکەم و دووڕە لەوەی کە لەکوردستان هەیە، لەوێدایە ئۆپۆزسیۆنێك کە ئاوڕ لەرابردوودا نەداتەوە، یان بەعاتیفە تەماشای سیاسەت بکات و گەمە بەسزی کەمەگە بکات، یان ئەوەی ئەلتەرناتیڤی سیاسی نەبێت و تەنها رەخنە بگرێت و رەخنەکەش دەسەڵات کەکی لێوەربگرێ، یان ئەوەی کە لەژێر عینوانێکدا خۆی پێناسە نەکات، یان ئەوەی تەنها لەفۆمدا خۆی پیشان بدات، هیچ بەجیاوازی نابینم لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی تر کەئاراستەی سیاسیان تەنها گەیشتنە بەدەسەڵات، یان ململانێیە لەسەر دەستکەوتەکان کە پشکی هەرە گەورەی موڵکی خەڵکە بەر لەوەی موڵکی هەر حیزبێك بێت، لایەنێکی تری نەبوونی ئۆپۆزسیۆن و چەپی راستەقینە، یان تەماشاکەر بێت و هیچی تر، بەڵکو ئەوەیە کە ئەوکاتەی سیستمی تەواوفق (رێکەوتن) دێتە ئاراوە، هەر ئەوکاتە هێزێك پێك بێنێت و سواری سەرملی رەوتە توڕەکە بێت و نەترسێت لە لۆمەی سیاسی، چونکە خۆ بەخاوەن نەکردنی ناڕەزایەتی خەڵك، مەترسیەکەی لەوڕوە دەستپێدەکات کە خەڵکی تر بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ئیحتیوای تەواوی ئەو هێزە بەشەریەش دەکات کە دەیهەوێ ببێتە هێزێکی بەقودرەتی جەماوەری ڕووبەڕووی دەسەڵات ببێتەوە، بۆیە بەم هەڵسوکەوتەی ڕێگە لەهێزی راستەقینەی ئۆپۆزسیۆنیش دەگرێت.

بەمانایەکی تر ئەگەر باشترین سیستم دیموکراسی بێت بێ دەوڵەتێکی فرەیی لەئیتنیك و مەزهەب و قەوارەی سیاسی لەعێراق و کوردستان کە ئێمە بەچاوی خۆمان دەیبینین. وە باشترین میکانیزمیش هەڵبژاردن بێت. ئەو هەڵبژاردنەی کە لەکوردستان و عێراقدا حیزبی سیاسی ئەزمونێکی لەبارە بێ ناوچەکە. گەندەڵی سیاسی لەئاستی لوتکەدا بێت و گەندەڵی ئیداری هەموو کەسێکی ئەو وڵاتە نەك سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکان هەستی پێدەکەن و لەبەرامبەریشدا تریبۆنێك نەبێت قسەی تێدا بکرێت. ئەگەر قسەشت کرد ئەمنیەتت بکەوێتە خەتەرەوە. ئیتر چاوەڕێی چی دەکرێت لەو سیستمەی کە ئێستا عێراق و کوردستانی بەهەواسراوی هێشتەوە و پێناسە ناکرێت، ئەمە جگەلەوەی کە دونیا بینییەك دروستبووە و خەریکە شەرعیەت وەردەگرێ و لەدەرەوەی کوردستانیش پاڵپشتی دەکرێت، بوونی ئیسلامیەکانە و پێناسەی

ئۆپۆزسیۆنیان وەرگرتووە، ئەمانە لەحیزبە ئیدیۆلۆژیستەکانی مارکسی تووندڕەو خراپترن، چونکە سەرکەوتنی ئیسلامیەکان، یان لانیکەم گەشەکردنیان و چوونیان بۆ پارلەمان و دەستگرتن بەوەزارەتەکانەوە، هیچ لەکێشەی چینایەتی ناگڕێ، هیچ لەکێشەی ستەمی میللی و مافی پێکهاتەکانی تر و پێکەوەژیان و هاوڵاتیبوون ناگڕێ، چونکە ئەوان تاکو ئەو جێگەیە بۆوایان بەئۆپۆزسیۆن بوون هەیە کە ئیسلام وەکو تاکە مەرجەعێکی فکری یاسایی لەسەر تەخت بێت، نەك وەکو هێزێکی یەکسانیخوازی وەکو مارکسیەکان، کەوابوو دەبێت رەوتی چەپ خۆی وەکو ئەلتەرناتیف پێشنیار بکات.

ئێستا عێراق هەر لەبەردەم ئاڵۆگۆڕێکی تری سیاسیە کە کوردەکان دژاون تێیدا، بەڵام کێبەرکێکە چونکە ئۆپۆزسیۆنێکی ناکامڵ دەیکات و لەراستیدا ئۆپۆزسیۆن نییە، بۆیە تەواوی کێشە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەیەك وەلانراوە کە هەر دەڕێی هەڵبژاردن لەکوردستان دەکرێ و بۆ عێراق نییە و دەرەنجامەکانیش هەر بەو ستایلە لەخەڵك گەیانراوە، ئەم سیناریۆ سیاسیە کە لەنێوان بەشێك لەهێزە سیاسیەکاندا دەیبینین، کەسێکی نەشارەزاش هەستی پێدەکات کە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن جگە لە سیناریۆی سیاسی هیچی تر نییە بۆیە خەڵك دڵنیا نییە، تاکو بەرامبەر بەدەسەڵات راوەستێت، تەنها ئەوەنەبێت کە بەفۆرم و بەکێنە قین مامەڵە لەتەك چەمکی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت. بەبۆای من ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە کە هەڵگری چەمکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بنبڕکردنی گەندەڵی بێت، دەبێ لەهەمو هێزەکان خەڵك ناچار بکات پەیوەندی پێوەبکەن، یان ئەوەی نەخشەی هەبێت بۆ تەواوی کوردستان و عێراق، نەك پڕۆژەیەك بۆ شارێك بێت و هیچی تر، بۆیە باشتر وایە چەپەکان بیر لەوە بکەنەوە کەئەو چەمکە بازرگانی پێوەدەکرێ، یان ئەوەی لەپەنای ئەم چەمکەدا کێبەرکێی تر پێبکەن و فکری چەپیش قەتیس بکەن لەگروپێکدا. نەشازی ئەم حاڵەتە بۆ چەپەکان، کاریگەری دەخاتە سەر خەڵکی ناڕازی و چەپەکانیش، هەروەها زۆر دوور نیە هێزە کۆنەپەرستەکان کەڵکی لێوەربگرن.

• لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پلاتفۆرمی چەپ چی بێت ؟بەشدار بن یان نا ؟ تاچەند بەشداریکردن بە لیستێکی یەکگرتووی چەپ و بە دەستهێنانی نوێنەرایەتی ڕێگا خۆش دەکا وئاسانکاری دەبێت لە گۆڕینی واقیعی سیاسی و ئابوری ؟

سمکۆ محەمەد: هەر کەس لەبەردەم ئەم پرسیارە راوەستێت و ئەزموونێکی هەبێت لەنێو بزووتنەوەی چەپ، بۆ ئەو وڵامە حازر بەدەستە کە پلاتفۆرمی چەپەکان لەهەر هەلومەرجێکدا ئامادەیە کە

ئایا ریفۆرم بخوازن یان بیانهەوێ ببن بە ئەلتەناتیف، لەهەر دوو حاڵەتەکەدا چەپەکان بیانوویان بەدەستەوەیە نوێنەرایەتی خەڵکی بەشمەینەت و زەحمەتکێش بکەن، چونکە ئەوان نابێت سیاسەت بکەن لەپێناو سیاسەت، یان لە پێناو گۆڕینی هاوکێشەی بەلای خێرانەوە وەکو حیزب، بەکو ئەرکیان ئەوەیە کە هاوکێشە بەلای بەرژەوەندییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بگۆڕن، پلاتفۆرمی چەپەکان بەهەموو بیروباوەڕێکی جیاواز ئەگەر ناسیونالیست بن یان کۆمۆنیست یان نیشتیمان پەروەر یان هەر جۆرە چەپێکی سوونەتی یان مۆدێرن بن، دەبێ ئەوە بزانن کە ژیان لەپێش سیاسەتەوەیە بۆ گروپ و دەستەبژێری سیاسی، چەمکی یەکگرتوویی بۆ چەپەکان ئەگەرچی دروشمێکی سوونەتیی و کلاسیکیە، بەلام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەرکێکی سیاسی ئەخلاقییە دەبێ کۆمەڵگە یەك بخەن لەپێناو داوا رەواکانی ژیان کە سیستمی نادادپەروەری رێگرییەتی، دەبێ ئەو هۆشیارییە فەری خەڵك بکەن کە ژیانێکی شایستەتر هەیە کە گروپێکی کەم لەخەڵك بخۆیان فەراهەم کردووە و ئەوانی دیکە کە زۆرینەن لە ژیانێکی سەخت و مەترسی زیاتر دەژین، کەوابوو هەموو هەلومەرجێك بۆ چەپەکان لەبارە بتوانن گەمەی خۆیان بکەن و بیقۆزنەوە بە بەرژەوەندی گشتی، دەبێ ئەوە بزانین کە گۆڕینی واقیع تەنها بە فکر و بە سیاسەت ناکرێت، ئەگەر ئیرادەی گشتی لەگەڵ تەریب نەکرابێت و هاوکێشە نەگۆڕێت بەلای خەڵکدا، لەهەر حاڵەتێکی نەخوازراویش دەبێ ئەوە بزانن کە هەمیشە خەڵك لەگەڵ سیاسەت و لەگەڵ واقیعدا نییە بەو مانایەی کە چەپەکان دەیزانن، ئەوان لەگەڵ هۆزدان دەبێ ئەمە لەخەمی گۆڕینی هۆزدابین نەك واقیع، چونکە جاری واهەیە واقیع لەخزمەتی گشتی نییە، خۆپیشاندانەکانی سەروەختی بەهاری عەرەبی یان خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران، ئەوەی سەلماند کە واقیع هەندێك جار سیناریۆی دروستکراوە، دەبێ واقیعێك بێت بە ئیرادەی خەڵك دروستکرابێت نەك بە ئیرادەی سیاسی دەرەکی. ئێستا لەهەموو کات لەبارەترە چەپەکان ئەم هەقیقەتە لەبەرچاو بگرن ئەگەر بزووتنەوەی راستەقینەی چەپگەرایی وجوودی هەیە.

شانۆ لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا … نووسینی : ڕێباز محەمەد جەزا

کاری تیۆری بەگشتی و لە هونەروئەدەبدا بەتایبەتی ، بەیەکێك لەماناکان کارکردنە لەسەرگریمانە، ئەو یش کارێکە بەیەکێك لەجۆرەکان پەخشکەرەوەی گومانە بەسەر کەرەستەو بابەتە جیاوازەکاندا وەکو"دیکارت" لەکتێبی "پرنسیپەکانی فەلسەفە"دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئێمە بۆئەوەی راستی بپشکنین ،دەبێت گومان لەهەموو ئەو شتانەبکەین کەووبەوومان دەبنەوە (1)شانۆکەی ئێمە لەکوردستان تاکو ئێستاش نەیتوانیوە لەسەربنەمایەکی تەندروستی تیۆری و پرکتیك پێکەوە خۆی دابمەزرێنێت یاخود نەمان توانیوە وەك " کێشە"یەك و لەووی فەلسەفیەوە خوێندنەوە ی بۆبکەین و تۆ!گەیشتنێکی شایستە بۆ(جوانی) بکەین ، ئەبەت مەبەستیشم لە کێشە دورە لەمانا سایکۆلۆجی و ڕۆژانەییەکەی بەکو لێرەدا کێشە وەکو کەکەیەکی (ئیستاتیکی)و خاوەن نرم و بەهای جوانی و پێگەی ئەدەبی .

بەڕێ کارکردن لەسەر هەرگریمانێك ، واتاکارکردن لەسەرفەلسەفە و هزر..(2) ئەمەش وەکو لەسەرەتای کێشەکانەوە لێی دەدوێین بەووونی گومانی خۆمان پەخشدەکەینەوە لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا لەسەر هەر ووداوو پێشهاتوو گریمانەیەك کەدەریدەخات شانۆ لەکوردستان لە بیماریەیەکی قوڵدایەو کەسیش نمایندەی ئەو بیماریەناکات و هەموان خۆیان بەسەرکەوتوو قارەمان دەبینن وەکو "هایدگەر"دەڵێت :"مرۆڤ لەوشوێنەدا دەدوێ کەبەزمان وەڕام دەداتەوە (3) ئەمەش ئەو ڕاستیە بەدیاردەخات کەلە شانۆ بۆ سەقفەکەی کوردستاندا بنەمای بنیادی فەلسەفە ئەمەیە :"هەرچەشنە نێواخنێزیەکی پەتی و ڕەسەن ، ڕەگاژی ڕەواو پەسندکراوی زانیاریە(4) زانیاریش لێرەدا بریتی دەبێت لە ویست و ئارەزووی بکەرەکانی و زۆرینەیەکی جۆڕەیی پێ ئالوودەکراو و بارگاوی بە ناوڵنان و هەڵەی لۆژیکی کوشندەو چەندین نەوەی پێ نەخوێندەوواردەکرێت و بوارەکەی پێ بارگاوی دەکرێت ، ئەمەش لەهەمان ئەوشوێنەوەیە کە دژە بەو " ڕەگەی خەیاڵسازی بەهای مەدەنیەتی داهێنانەی خۆی ئەسەلمێنێت"(5) لەبەرئەوەپێویستە لە(شانۆدا)دا بەدوای دۆزینەوەکاندا بگەڕین و دووبارە پەڕزی بکەین لەوانەی بەناوی تیۆرەوە سەرقاڵی لاقەکردنی ئەو هونەرەن لەبەر ئەوە لێرە بەدوا جگە لە سەرنج هیچ بۆچوونێکی ترم نابێبَت لەسەر ئەوەی

دەگوزەرێت.

قسەی من لێرە بەدواوە" پوخت " بریتی دەبێت لەباسی شانۆ لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا و لەوانەش لەووی ئیستاتیکی و بەها فەلسەفی و فیکری ومە عریفیەکاندا .چونکە وەکو "هرمان بروگ "ای وایە "ئەوەی (..) کە هیچ نادزێتەوە ، لەدیدی ئەودا بێ ئەخلاقانەیە"(6)ئەبەتە ئەخلاق بەمانا واقعی و رۆژانەییەکەی نا بەکو بەمانا هونەریەکەی ، پێویستە وەرگرو بکەرانی شانۆ هەوڵی دروستکردنی ئەو وئەخلاقە بدەن …لەم ڕوەوە "شانۆ" دەشێت شێوەیەك بێت لەشێوەکانی یاخی بوونی جوانی (…)(7) یاخود ئەگەر زمانی ئیکۆ بەکاربهێنین دەڵێین (شانۆ) بەخێی چۆڵەو ناونانە بۆ سنورە وەردەگرێت و تە عبیر لەجیهانێکی هەلاهەلا دەکات (8) هەروەکو "لۆکاچ"پێی وایە (تیۆر*) تەعبیر کردنە لە ڕوتبوونەوە یەکی ترانستدنتالیانە، یان هەندێك لە ڕەخنە گرانی ئەدەبی لەبارەی "دەستێپشکی"یەوە ، ئەوە دەخەنە ڕوو کە دیستۆقسکی هەمیشە ڕۆحی خێی بەنەخۆش زانیوە ، دەشێ هەمان شتیش لەبارەی هونەری (تیۆرەکانی شانۆ**) بگوترێت..(9) ئەمە لەدنیایەکدا دەژین گومان و دوودڵیەکانی ئەو دونیا تازە یە بە جۆرێك ئالودەمان دەکات لەگەڵ چاوەڕوانی و دڵدانگی و قەلەقی ئیدی ماناکان پێو تەژی دەبن لە ئالودەیی و کەمتر بەرەو حەقیقەتی شتەکان دەچین ، ئەوەندە دوورکەوینەوە تا نادیدە دەبین ، چونکە "سوکرات" وتەنی :"…"مەعریفەی چێتی مەعریفەی حەقیقیە "…"(10) وە لەم ڕوانگەیەشەوە "نمونەی ئایدیا" "یاخود وێنە"حەقیقەتی هەمەکی هەبووە بەکردار وبونیان دەرەکی یە …"(11) کەواتە نزیکبوونەوە لەو وێنەیەو پیشان دانی ئەتمۆسفێرکی سایکۆلۆجی تێکەل بە فەزای سروشتی نزیکمان دەکاتەوە لە یەقین ، هەروەها "ئەرستۆ" ڕای وابوو(…) مەعریفەی حەقیقی ئەومەعریفەیە یە کە پەیوەستە بە "مرتبە"ی یەقینەوە (12) ئەوە مەبەدەئی مەعریفەو ژینالۆژیاکەی لای "ئەرستۆ "(هەستە ڕاستەوخۆکان) دەبنە بەشتێك لە ئەستە و دەخەکە بەبەشەکی وەسف دەکات "(13). لەم تێگەیشتنەوە بەپێی هەردوو بۆچوونەکە ی"ئەفڵاتوون وئەرستۆ" ، "وێنەو ئایدیا "ی خێیەتی و پێویستی زۆریشی بەهەستی ڕاستەوخۆ هەیە لەکاتی خوێندنەوەدا کەوادەکات بەتەواوەتی نیشتەجێ ببین لەناو ڕووداوو کردارەکاندا .

چونکە "بەرهەمی هونەری دەمانباتە ناخی خێیەوە ، ئەمە ئاگامان لەناخی خۆمان نامێنێت"(14) ئەی گەر ئالودەیی ڕۆحی و خراپی پەروەردە و بیماری هەستی و عەقێیمانی داپۆشی بوو؟ ئەو کاتە چۆن

بەدوای چییەتی شتەکان و ووداوەکاندا بڕین؟ هیچ شتێك مەستی نەکردین جگەلە پارچە پارچە بوونی جەوهەری شتەکان ؟ لێگەڕێن با جیاوازی بێ هەواڵ لەجیاتی پارادێکس دانرێ (15)چونکە پارادێکس هیچ چۆڵێك بەرهەم ناهێنێت (16) ئەمە ئەوەبوو کە ڕۆلان بارت لەچۆڵَزی دەق دا دەیگووت .

دەریدا "ش لەەمبارەیەوە"دەیگووت:"بەردەوام هەوڵَمدا تا فەلسەفە بڵَنمە مەیدانەوە . مەیدانێك کەلەودا فەرمانڕەوایەك نەبێت (17) ئەمە بەنمونەیەکی دروستی ئەم تێگەیشتنە دەزانم هەرچۆن "لێتاریش دەیگووت:"ڕۆی ئێمە وەەکو هزرڤان ئەوەیە کەزانیاری خۆمان لەوشتەی کە لەزماندا گوزەردەکات قوڵتر بکەینەوە ، بیرکەی بێ گیانی زانیاریەکان ەخنە بکەین ، ئاۆزی لەبەر چاو نەهاتوو لەجەرگەی زماندا ئاشکرابکەین "(18) بەگەشم لەسەر ئەمە ئەو بۆچوونەی "ناتالی ساروت"ە کەدەێت :"ووی شاعیرانەی بەرهەمێك دەرخەری توخمی نەبینراویەتی "..کە واتەدەگەم بەتەئویل بەدیاردەخرێت کە لە دنیای ئێستای شانۆ لەکوردستاندا بوونی نییە یان لە ئاستێکی زۆر نزمدا یە . ئەو مۆژووەی شانۆ هەیەتی و مرۆڤانی کورد لەگەڵی ژیاون و نزیك ودوور ئاشنان پێی کەچی تاکوئێستا شاکارێکی ئەدەبی و شانۆیی حەقیقیمان لەو مۆژووەنەدی !!! گەر هەشبێت تائەو شوێنەی کەمن ئاگادارم لە حیکایەتێکی بێ لەزەت و بێ تام تێپەیان نەکردووە.

ووردەکاریەکانی ناو چیرۆکی شانۆنامەکان پێن لەو راِستیە ی کە زۆربەی مرۆڤان تەماشادەکەن و کەمتر هەستی پێدەکەن . شکڵفسکی ووتەنی" ئێمە هەموورۆژك سەیری یەکتری دەکەین ،بەبێ ئەوەی ئەوی دیکە ببینین "(19) ئەمەش دووڕە لەچەناڵی گەیشتن کە پێویستە و بە "واتایەکی کۆن ئێمە دەگەیەنێنە فۆرمێکی تازەو هەر ئەم بزاوتە ، هەموویەرهەم دەگێت " (20) "بارت "یش لەتۆزی کورتی "سڵڤری نووسەردا"دەنووسێ "ژین دەق ئاسایە"(21) ئاڵۆرەدا من جەربەزەیی شانۆکارێك هەست پێ ناکەم لەوەدا کە سەرکێشی گێانەوەی ئەو ووداوانەبکات ، لەفۆرمێکی هونەری و زیندوودا ، کەمانا دەخاتەوە ناو ووداوەکان وگێانەوە …

لەیۆنانی کۆندا جوانییەکان دەنگی خواوەند بوون (22)(لەنجینیس)نووسەری کۆنی گریکی لەوکتێبەی بەناونیشانی "لەبارەی جوانیەکان-عن الرائع"دا دەنووسێ :"جوانیەکان سۆزکن بخواوەند ، خواوەند بەرەو پاکیمان دەبات ، بەرەو ناخ ، بەرەو حەقیقەتە خواوەند ئامۆزەکان (23)ئەی کاتێك بڕوامان بە حەقیقەت و

خوداو پرەنسیپەکان لاواز دەبن چی بکەین بە پراکتیك و کێشەکان بەرەو کوێ دەڕۆن؟ هەروەکو چۆن رای ئەرستۆو ئەفڵاتوونیشمان لەوبارەیەوە زانی … دەبێت ئەوەش باش بزانین لایەنگری "ئیستاتیکای موتەق"بەمەعنای دابڕان لەهەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان نیە ، چونکە ئەو هەلومەرجانە ئەم چۆژە ستاتیکیە دیاری دەکەن (24) قارەمانانی ڕۆمانەکانی "فلۆبێر" ، بایەخی وەسایقی خۆیان لە جیهانبینی بابەتگەریانە ی فلۆبیرەوە وەرگرتووە. بابەتگەری فلۆبیر کردویەتیە کارێك هەرکەسێك بیەوێ بەشێوەیەکی زانستیانە لەدیاردە سایکۆلۆژیە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵێتەوە ناچارە پەنایان بۆبەرێت . بابەتگەری بەهێزترینی لایەنی ڕێباز ی فلۆبیر بوو (25)ئەی تۆڵێی شانۆ پێویستیەکی هاوچەشنی نەبێت ؟ لەساڵی 1750وەکە بۆمگارتن جوانیناسی دامەزراند،(…)(26)لەورۆژەوەکێشەی ستاتیکاکێشەیەکی هاوبەشی نووسەرە مەزنەکانەو دەبێت وەکو کێشەش لەبارەیەوە بدوێین ، بۆئەم مەبەستەش ئەگەر گەشتێکی خێرا بەناو بیروڕاو مقۆمقۆکانی ناوبیریاراندا بکەین دەبینین ڕاوبۆچوونەکان سەرجەمیان بەم جۆرە چێدەبنەوە بۆنمونە : بەباوەڕی بۆمگارتن (1714-1762)بابەتی مە عریفەی لۆژیکی حەقیقەتەو بابەتی جوانیناسی یا(مەعریفەی هەستی)جوانییە .جوانی تەواو یا ئەوەیە کە بەهاوکاری هەست دەناسرێتەوە .

حەقیقەتی کامڵ یاڵەها ، ئەوەیە کە بە عەقڵ دەناسرێتەوە ، چاکەی تەواو یا ئەوەیە کەلەڕێگای ئیرادەی ئەخلاقیەوە بەدەست دێت(27)ئەمە وەکو لایەنی تیۆری و فەلسەفی و لە ڕووی "کردەی مرۆیی دەقێکی ئەگەراویە" (28) ئەوئەگەرانەش لەجیهانی (جوانی)دا کۆمەڵێك دەروازەی گرنگ دەکەنەوە بە گوتەی (هێم) (1696-1782) جوانی ئەوەیە کە دڵپەسند بێت، لەم ڕووە وە تەنیا بەهۆی زەوقەوە دیاری دەکرێ (29) بەڵام ئایا زەوق ڕاستەو خۆ پەیوەست نیە بەپەروەردەو مەشق و ڕاهێنانەکانی ژیانی بکەران و وەرگرانی شانۆوە؟ وە بەباوەڕی (بۆرك) (1720_1797) (کتێبی لۆکۆینەوە لەسەرچاوە ی وێناکردنەکان لەبارەی باڵا- وجوانەوە (…) ، پێی وایە لەبنەڕەتیاندا، خاوەنی هەستی پاراستنی دەروون وهەستی کۆمەڵایەتین (30) بەباوەڕی فیختە (1761_1814) ئاگایی لەبارەی شتی جوانەوە ، لەمەوە سەرچاوە دەگرێت : دنیا واتە سروشت. ئەمەش دووڵایەنی هەیە ، ئەم دوو لایەنە ئاکامی دوو کارن ، یەکیان بەرتەسکی ئەمەو ئەویتریشیان چالاکی ئازادو بەربڵاوی وێناکردنەکانمان .

بەمانای یەکەم : جیهان بەرتەسکەو بەمانای دووەمیش: جیهان ئازادو

بەربڕاوە (31) بەباوەڕی شافتس بری (1670-1713)ئەوەی جوانە ، هاوسەنگ وگونجاوو حەقیقیە و ئەوەیش کە لەیەك کاتدا هەم جوان وهەم حەقیقیە ، دڵپەسەند وچاکە . جوانی بەباوەڕی شافتس بری تەنها بەهۆی ڕۆحەوە دەناسرێت (32)ئەمەش خودی کێشەکەیە ئایارۆح کێشەیەکی زەمینیە؟!یان بەمانایەکی تر ئەم ئاڕزیە لەکوێوە دێت ؟ یا ن سەرزەمین بەبێ ڕۆح دیناو"مکاشفە"ناکرێت ؟ یان شتێکی مومکینە ووبدات؟ ئەمە ئەو پرسیارە هەسەنانەن کە بینایی بەشێك لەشانۆکارو ئارەزوومەندانی بوارەکەی گرتوەتەوە بەوانەشی دەبنە وەرگری بەرهەمەکان .

هەروەهاگەرپچینەلای جوانیناسی (کانت)ئەوەیە : مرۆڤ بەباوەڕی کانت ، مەعریفەی سەبارەت بە سروشتی دەرەوەی خۆی و هەروەها بەبوونی خۆی لەسروشتداهەیە. مرۆڤ لەسروشتی دەرەوەی خۆیدا ، بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت ولەخێشیدا بەدوای (چاکی)دا . قۆناغی یەکەم کاری ئاوەزی (عەقڵ) موجەڵەدەو قۆناغی دووەم کاری ئاوەزی کردەییە کە بە(ئازادی ئیرادەش)ناسێنراوە. سەرەڕای ئەم دوو وەسیلەیە مەعریفەش وەسیلەیەکە کەبەتوانای داوەری کردن ناسراوە ، ڕاستیەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماناکەیان ، پێکدێن و چێژیش ئارەزوو حەز بۆئەمە بەرهەڤ دەکات (33).

ئەوەش ڕیشەی بەرهەمە هونەریەکانمان بۆدیاری دەکات و ئاستی بەرهەمەکانمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە .بەڕام لای شیللەر (1759-1805)کێشەکە بەجۆرێکی تر ، وای بۆ دەچوو (ئامانجی هونەر)وەکوئەوەی کە (کانت)پەسەندی کردووە ، جوانییەوجوانیش چێژە ، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە سوودو پێشکەوتنێکی کردەیی تێدابێت (34)وە فریدریك (شلیگێ)یش (1779-1829)پێی وابوو کە (جوانی نەك تەنیا لەهونەردا دەدۆزرێتەوە بەکولە سروشت وخێشەویستیشدا خۆی دەنوێنێ. بەم هۆیەوە ،بەگوتەی (شلینگ)(1775-1854)(جوان بریتیە لە دەرکەوتنی بێ کۆتایی لە کۆتاییدا)(35)بەڕام ئەوەی جێی ڕامان و لەسەر وەستانە بیرۆای (هیگل)ە (1770-1831)کە بەم جۆرە دەدوێت : (خوا خۆی بەدووشێوە دەردەخا : یەکێکیان بەشێوەی دەرهەست (زەینی) وئەوەی تریشیان بەشێوەی بەرهەست (عینی) . بەدەربڕینێکی تر، خوالەسروشت و ڕۆحدا خۆی دەنوێنێ . (36) واتە کاری (هونەرمەندان و نووسەرانە) کە گەڕان دەست پێبکەن تا خوا دەدۆزنەوەو گەیشتن بەخوا دەستڕاگەیشتنەبە(سروشت وڕۆح) کە بەباوەی(هیگڵ)، حەقیقەت وجوانی ، یەك شتن . تەنیا جیاوازیەك کەهەیانە ئەوەیە حەقیقەت تاجێگایەك هەیەو لەخودی خۆیدا شیاوی تەواماتە بۆخودی (ئایدیایە/ وێناکردنە)کە .

بەڵام ئایدیا کاتێك کەلەدەرەوە دەردەکەوێت ، نەك تەنیا دەبێتە حەقیقی بۆشعوری مرۆڤ ، بەڵکو جوانیش دەبێت . بەمجۆرە جوان دەرکەوتنی ئایدیایە (37). زانستەکانی ڕۆح و بابەتی ڕۆح بابەتی نیین بەتەنیا بەڵکو دوانە (ڕۆحی توژینەوەو ڕۆحی لێتوژراوەن) …
(38) هەروەکوچۆن (کرۆچە)ش باوەڕی وابوو : (جوانی بریتییە لە درکاندن یان پەی بردن یان دیدە گایەکی ڕۆشن بوونەوە یان سڕش
(39)بەم گریمانەیە جوانی یەکێکە لە چالاکیە گیانیەکان …
زۆرێك لەشانۆکاران لەکوردستان لەم نێوانەدا گیری خواردووە (لەنێوان تیۆرو پراکتیدا) کە باوەڕی زۆرێك وایە ئەمە بۆئەوەی کاربکەین پێویستمان بە تیۆر نیەو کەمەکمان ناکات بۆکاری کرداری و ئەم تایپە باوەڕیان وایە شانۆ جگەلە چالاکیەك بۆکەکردنی بەرهەم هیچی تر دروست نابێت و "لەکۆتاییدا ئەم چالاکیە بەدی نایەت ، ئەگەر بزوێنەرێکی دەرەکی نەبێتە هۆکار" (40) . کەواتە تیۆرو پراکتیك بە بێ کێشە کردن دروست نابێت بە تایبەتی لەبواری ئیستاتیکادا ئەگەر هاتوو ئەم کێشەیە نەخوێندرایەوەو تەئویلی بۆنەکرێت ئەوا زیندوویی وکاریگەری خۆی لەدەست دەدات، شانۆش جگەلەو دەنگەدەنگ و هەرایەی کە نامانگەیەنێت بە هیچ کۆ !!! هیچی تری لەدەست نایەت و پراکتیك بریتی دەبێت لە خۆدەوێمەندکردن بۆدروستکردنی سیفی کار.

_____

لیستی سەرچاوەو پەراوێزەکان

1)هیگێ –فەلسەفەو مۆدێرنیزم –لێبین ەسوێ ئیسماعیل ،ڕێبین بێ چاپ و پەخشی کتێب (2)چاپی یەکەم 2003ل 75 2)هەمان سەرچاوە ل 74 3) بابەك ئەحمەدی- پێکهاتەو ێاڤەی دەق – کتێبی (چوارەم) –،وەرگێانی : مەسعوود بابایی ،لە بڵاو کراوەکانی سەنتەری لێکێنەوەی فیکریی وئەدەبی نما زنجیرە (22)چاپی یەکەم هەولێر 2005 ل54 4) هەمان سەرچاوە ل55 5) سیدنی فینکلشتاین، دەربڕینی ئەندێشە لە میوزیکدا ، وەرگێرانی: ستارکریم، پیاچوونەوەی (ع.ج.سەگرمە)،دە زگای چاپ وپەخشی سەردەم –چاپی یەکەم –سلێمانی 2005 ل53 6) عبولموتەیب عەبدوێاعەیب ، خێکوژیەکی تەواونەکراو"کەمەێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبی " هەیبژاردووەو وەریگێاوەتە سەر کوردی ل80 7) هەمان سەرچاوە ل79
8) هەمان سەرچاوە ل79 9) هەمان سەرچاوە ل79 10) عبدالرحمن مرحبا من الفلسفه الیونانیه الی الفلسفه الاسلامیه ، ،مکتبه الفکر الجامعی –منشورات عویدات –لبنان –بیروت گبعه الاولی 1970 ص126

11)هەمان سەرچاوەص 126-127 12) هەمان سەرچاوە ص 161 13) هەمان سەرچاوەص162 14) بابەك ئەحمەدی ، پێكهاتەوەرمنیوتیك – وەرگێرانی ئیسماعیل زارعی ،دەزگای وەرگێران ،چاپی یەكەم –هەولێر 2007ل33 15) ڕۆلان بارت ،چێژی دەق ، وەرگێرانی ئیسماعیل زارعی ،دەزگای وەرگێران ، چاپی یەكەم هەولێر 2007ل36 16) هەمان سەرچاوە ل36 17) (بابەك ئەحمەدی) پێكهاتەو ڕاڤەی دەق – كتێبی (سێ هەم) –،وەرگێرانی (مەسعوود بابایی)،لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریی وئەدەبی نما زنجیرە ( )چاپی یەكەم هەولێر 2005 ل179 18) هەمان سەرچاوە- كتێبی یەكەم -ل 83 19) هەمان سەرچاوە- كتێبی دووەم ل212 20) هەمان سەرچاوە-ل94 21) عبولموتەیب عەبدوڵاعەیب ، نووسین خۆكوژیەكی تەواونەكراوەمان سەرچاوەی پێشووتر ل79 22) هەمان سەرچاوە ل78 23) (پلیخانۆف) ، هونەروژیانی كۆمەڵایەتی ، وەرگێرانی : (حەمەكەریم عارف) ،دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی موكریانی زنجیرەی كتێب (12)(115)چاپی یەكەم هەولێر 2005-ل37 24) هەمان سەرچاوە ل41 25) (لیێ تێستەی) هونەر چییە؟ وەرگێرانی هەژار ڕەحیمی ،دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی زنجیرەی كتێب (386)چاپی یەكەم 2009ل29 26) هەمان سەرچاوە34 27)ا(نزفیتان تودوروف) لمبدا الحوارى”دراسه فى فكر ميخائيل باختين ” ،ترجمه فخرى صالح دار الشؤن الپقافيه العامه ،افاق عربيه الگبعه الاولى 1992ص31
28) لیێ تێستەی ، هونەر چییە؟هەمان سەرچاوەی پێشووترل36 29) هەمان سەرچاوە ل36 30) هەمان سەرچاوە ل39 31) هەمان سەرچاوە ل36 32) هەمان سەرچاوە ل36 33) هەمان سەرچاوە ل38 34) هەمان سەرچاوە ل38 35) هەمان سەرچاوە ل39 36) هەمان سەرچاوە ل40 37) هەمان سەرچاوە ل41 38) هەمان سەرچاوە ل41 39) نزفیتان تودوروف) المبدا الحوارى هەمان سەرچاوەی پێشووترص37 40) (بندیتێ كرێشە) ، چەمكەكانی جواناسی ، وەرگێرانی: (سەربەست خە سرەو عارف)،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،چاپی یەكەم –سلێمانی 2010 ل17

لە نێوان مێژووی چە

زەیتـــــونەکەی (نـــــوح) و (ئـردوگان)دا ... جوتیار

1

قوربانیدان وەك چەمكـی كرداری هەمیشە هاوتەریب بووە لە گـەڵ مـژووی
كارەساتەكانی مرۆڤ، هەر لە سروشت و فیزیكەوە تا ئیلاهیەت و سیاسەت، بـەڵام هیچ یەكـك هاوتای كارەساتە سیاسیەكان كاریگەری نەبووە لە سەر لەناوبردن و بەقوربانیكردنی مرۆڤایەتی، وەرانی ئـابوری و مـژووی جەنـگ و كوشتارگەكـان ، تـا ئاسـتـك تـكچـون و نـابـانسبوونی ژینگەو كارەساتە سروشتیەكانیش هەر پەیوەندی بەو چەمكەوە هەیە؛ سیاسەت یەكـك لە كابوساویترین ئەو دەلالاتانەیە لە یادوەری ئـمەی مرۆڤدا بە تایبەتی مرۆڤی كورددا كە ناتواندرێت ئاسان لە دیدو زیهنماندا بسـتەوە.

2

پـغەمبـەر نـوح بـە پـێـی گـوانـەوەی چیرۆكەكـان بـانگەوازی بـە ڕزگاركردنی زەوی كرد لە دەست پیسیەتی و دڕندەیی مرۆڤ، خودا لە سەر داوای ئەو لە ڕگای زریان و باوبـرانەوە زەوی ژێر ئاو خست، بەڵام بـە گـوانـەوەی ژیان لە سەر زەوی داوای لە خودا نەكرد، بەڵكو چـە زەیتونـك بوو كە لە دەنوكی كـترۆكەوە كەوتە سەر كەشتیەكەی و بـوای بەوە هـنا كە ئیتر مرۆڤ دەتوانـێت جارێكیتر لە سەر زەوی ژیان دەستپـێبكاتەوە.
پەیامەكەی حەزرەتی نوح كە ویستی لە ڕگای چـە زەیتونـكەوە بە مرۆڤایەتی بدات بـە
دووبارە بنیادنانەوەی ژیان و جوانیەكانی بوون، ئەو چیرۆكە دەكرێت وەك بەشـك لە ستاتیكای مـژوو سەیری بكرێت.

3

ئـردوگان گووتی لە قورئاندا ناوی چـە زەیتون هاتووە، هەر بـەیەش پەلامارەكەی سەر عەفرینی بە ناوی ئەوەوە كرد..! من هیچ تـنەگەیشتم ئەو ئەهریمەنە كە هاوشـوەی مرۆڤ هاتـتە سەر زەوی ویستی چیمان پـبـڕێت لە ڕگای ئەو چـە زەیتونەوە !؟ تـ بـڕی ئەو بیـەوێ پـمان بـڕێت كە هاوشـوەی نوح جارێكیتر زەوی لە پیسی پاك دەكاتەوە.
ئـردوگان تـ نوح نیت.. تـ جەنگاوەری ئیمانـكی فاشیستی پـ لە حیقدو بـوایەكی پـاوپـ لە نا ئینسانی، كەشتیەكەی تـ دانەیەك

نییە، بەکو سەدان وهەزاران کەشتی ئاسنینن، بەام نە بێ پەنادان و ڕزگارکردن؛ بەکو بێ مەرگ و وێرانکردن.. ئێردوگان تێ پێغەمبەر نیت بەکو هاوشێوەی سوێتانەکانی بەر لە خێت خوێنمژێکی ڕووتی، جانەوەرێکی ئەوەندە ترسناکی کە بێووام وایە ئەگەر لە سەردەمی لافاوەکەی نوحیشدا بوونت هەبوایە ڕێگەیان نەدەدا پێیەکانت بخەیتە ناو کەشتیەکەوە و پیسی بکەیت.. ئێردوگان تێ دەتەوێت ببیت بە کێ؟ بە عوسمان یان بە حەمید یاخود بە شێخ محمودی گەزنەوی، یا خود بە خەلیفە هیتلەر، یا خود لە کێتایەکەیدا دێیت و دەڕێیت کە محەمدی مەهدیت!؟

ئێردوگان تێ بێ ئەو جینێسایدەت ناونا چەزەیتون!؟ تێ بێ ئەو یادەوەریە ئومێدبەخشەی ئینسانت کرد بە چیرێکێکی خەمبار و ناشیرین.. ناشیرین وەك خێت، ناشیرین وەك کاتەکانی سوژدەبردنت بێ خودا.. ناشیرین وەك ساتی سێینی فرمێسکە دروستکراوەکانت بێ موسوێمانەکانی بێرماو فەەستین..ناشیرین وەك ئەو چرکانەی کە تیایدا بانگ دەبێژی و بە چیرێکەکانی قورئان ختوکەی ئیمانداران دەدەی… ناشیرین وەك ئەو کاتەی کە پەنجەی شادومانەکەت ڕادەوەشێنی و خەریکە دەیکەیت بە قونی شەیتاندا.. تێ دەتەوێت لە ڕێگای دەنوکی زرێپێشەکانتەوە چی بهێنیتەوە بێ ناو کەشتیەکانت، دارستانی گێگرتووی زیتونەکان یاخود گێستانێك پێ لە لاشەی بە خەوزکراوی منداڵ؟!!
ئەو چیرێکەی تێش دەکرێت وەك بەشێك لە سەروەری فەتح وغەزوەکان لە مێژوودا سەیر بکرێت وەك هەموو سەروەریەکانیتر ئەی موجاهیدە خەمخێر و ماندوەکەی ئیسلام ..

دێپێ عەترێـــک بێ کفنێکەم … هەزار حوسێن

ئێی بینایيم
ئێی دەندێی لێ مەرگی خەم
خوازیارم ڕووشا لێ تاقووسێ کوێرکان
تێش عەجەب مەیلدار بوویت

گەرکتە سروودی فریاد خوازییم بۆ بژانی
ئای تاقووسە کوڕەکانی دواخون و دەست پێکردنەوەم
کەمێک ئاڵایی، کەمێک گومان و سەختی پێش وەهمی گەین
تار ژانی مەرگ هەرا و هوریات
لە گرانییەکی ناموراد دەچێت
لەرینەوەی زمانت، نابڕتە
گرانیی لالەسوورەکانی بێئارامی
دوعاکان ناتوانن قەدەر لەوەی هەیە ڕاشنتربکەن
بەهەدانی پێکەک لەسەر مەزن
سارد و سەکەی هەقیقەتەوە دەزانم
هیچ ڕەمەکێک نەماوە ئاوا نەبێت
لە سەفەرەوە نمێکنەکەرێک گەڕاوەتەوە
بۆ ماڵی کۆترە پیرەکانی تەمەنی نابەردە
دەبین بۆ دار هەنارەی باغەکەتان
کەلەوەدا منی قەرەجی ژوانم دەخستە هەگبەمەوە
ئەوە دواجارە لە گەیانی ئەوینەکدا قەتیس دەم
لە خورپەی لەدانی دڵی شاخەکیشەوە
تووڵەیەکان ونم دەکەن
دوا ڕەگاش بەهانای دەزینەوەی کەسمان نایەت
دەمەوێت ونتربم، ئەی گرانیم
ئەی سپێدەی چاوتۆرین لە بریندەکانم
درەختەکانیش ڕەیان نیشان نەداین و
وشکان خەریک بەقەدەریان کردینەوە
ئەی مەراق
بابردووی کەوانە تەنگەکان
ڕەچووی ناو ئینجانەکانی وەفا
کەوە نائومێدەکەی زاهیدان
ئەم مەرگە ماڵەکی لە وون کردم
ماڵەک هەرگیز نایدەزینەوە
کەسیشمان توخمی ئەو ماڵە نین
لەو ماڵەدا میهرەبانی ژاوە
لە باخچەکەی ئەم ماڵەدا ژنەک بە ستیانەکی ڕەش ڕاوەستاوە
ئاسودەیی دابەش دەکا و
خەتمی سینەم دەکا
لە ماڵەچکەیەکی قوماویی
گوڵی سەفەرەکی بریندار دەخاتە دەستی هەموومانەوە
ئەم سەفەرە

سەری لە باران شەواند
نەی هەشت جارەکیتر
تەرپیاز لەحەوشەکەمان بچنین
ئەم سەفەرە ئەوارییەکی هەندە تاڵ بوو
ساڵەکانی لەگەڵین
مانگانەی گوڵەکانی تەکدا
ئەم سەفەرە
دەستخستنە ناو باوەشی زەوی بوو
بەنیازی ڕاموسانێک
ئەم سەفەرە شەوگارێک شاخ دار بوو
وەک گەدایەک دەری کردم
ئاشنای هیچ غەریبەیەک نەبوو
گەرانی بریندەکانی خەش دەچێ
هەمووبانی دادەماڵی لە خەی
پەرستشیی چەند ساڵ تەنیایی و
نیشتنەوەی باڵندەکان بە بەهوودەیی
دواهەمین پەکەکانی بەختیاری و
ماڵاوایی لە تاقووسەکانی تەمەنم
٢
ڕۆژەکانی پەدەکرد لە جادووگەری پیر
کاتیش نائاگایی خەی دەستە ئەستەی ئەمە
دەی شکاوی هیچ ءەسرەکیشی نەدایەوە
٣
خوایە لە ئاوێنەی ژنە دەشکاوەکانەوە سەیربکە
بزانە زەوی قەزەونترە یان مرۆڤ
